




# سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانمان

فەرهاد پیرباڵ

سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە سەدەی یازدەهەم تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بریتی بوون لە کولتووری عەرەبی و فارسی و تورکی. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا (تاک و تەرا چەند نووسەرێک لە ئاوی سەرچاوە ئەورووپییەکان دەخۆنەوە) ئەگینا هەمدیس بۆ سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانمان ڕوودەکەینەوە عەرەب. دیسان.. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تا هەشتاکانیش، لە سەرچاوە عەرەبییەکان زیاتر، ڕۆشنبیریی کوردی هیچ سەرچاوەیەکی کولتووریی دیکە شک نابا، ئەمەیە نیشانە گشتییەکانی کولتووری کوردی و وەسفێکی پانۆرامایی دیالۆگی شارستانیی کورد لەگەڵ جیهاندا!

کەواتە کورد بەشێوەیەکی گشتی، نەیتوانیوە بەهرە لە هیچ کولتوورێکی ڕۆژئاوایی وەربگرێ؛ نەیتوانیوە سوود لە فەرهەنگی هیچ نەتەوەیەکی ئەورووپایی وەربگرێت! ئێمە سەدان ساڵە بەردەوام لەژێر پاڵەپەستۆی تەنیا کولتووری ئیسلامدا (عەرەب و فارس و تورک) دێین و دەڕۆین: ئەگەر جاران تەنیا موعجەب بووبین بە (المعری) و (فردەوسی)، ئەمڕۆش تەنیا (ئەدۆنیس) و هاوڕێکانی دەناسین!

دراوسێکانمان هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە توانیویانە خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام ئێمە (ملکی اکثر من الملک) هەر پێمان خۆشە لەژێر دەستی ئەواندا بمێنینەوە!

لە هەشتاکانەوە تا ئەمڕۆ نەوەیەکی تازە ڕووی کردە ئەمریکا و ئەورووپا، چاوەڕێ دەکرێ بتوانێ ئەتمۆسفیری ڕۆشنبیریی کوردی تازە بکاتەوە! بەڵام بێگومان گۆڕانکارییەکان، بەبێ دانانی نەخشە و پرۆژە هەڵناسووڕێت؛ بەبێ پلان جێبەجێ ناکرێت!

پازدە ساڵە حکوومەتێکی سەرازادی کوردی هەیە، تا ئێستا شەش وەزیری ڕۆشنبیری و پەروەردەشمان هاتوون و ڕۆشتوون.. یازدە سەرۆکی زانکۆش، کەچی تا ئێستا بیر لە ئەنجامدانی یەک پرۆژەی لەم جۆرە نەکراوەتەوە: کردنەوەی چەند پەنجەرە- کولتوورێکی ئەورووپایی بەسەر ئەم ڕۆشنبیرییە پەنگخواردووەماندا.

من تێناگەم، ئەو هەموو وەزیر و سەرۆک و نەقیب و مودیرانە.. لەکوێن، مەشغووڵی چین؟ جاران عەبدولڕەحمان بەدرخانێک، جەلادەت عالی بەدرخانێک، حوسێن حوزنی موکریانیێک، شاکر فەتاحێک، پیرەمێردێک.. بەبێ ئەوەی هیچ وەزیری ڕۆشنبیری و پەروەردەش بن، بەبێ ئەوەی هیچ سەرۆکی کۆڕی زانیاری و نەقیبی هیچ زانکۆ و یەکێتییەکی نووسەرانیش بن، بەبێ ئەوەی ئەو هەموو سامانەی حکوومەتیشیان لەبەردەستدا بێت (بە پارەی خۆشیان) دەیان پرۆژەی ڕۆژئاواییان دەگەیاندە کورد، دەیان پردی ڕۆشنبیرییان لەنێوان کوردستان و ئەورووپادا دروست دەکرد..!

جەنابی سەرۆکی کوردستان، وابزانم لە جارێک زیاتر ئاماژەی بەمە داوە کە پێویستە **کاری موئەسەساتی** لە کوردستاندا بکرێت. ئەمڕۆ هەموو خوێندەوارێک دەپرسێ: لەپێناو کردنەوەی چەند پەنجەرە - کولتوورێکی ئەورووپایی بەسەر ئەم ڕۆشنبیرییە پەنگخواردووەماندا، لەپێناو دامەزراندنی چەند پردێکی کولتووری لەنێوان کوردستان و ڕۆژئاوادا.. کوانێ ڕۆڵی ئەو هەموو دەزگا پەروەردەیی و ئەکادیمی و زانستی و ڕۆشنبیری و زانکۆییەی گوایە هەن؟ کوانێ نەخشە و پلانەکانی ئەو هەموو وەزیر و سەرۆک و نەقیب و مودیرانە..؟